• پ.د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ

ئەم کتێبە

## فەرهەنگی میدیا

جاری پێشوو باسی (خەو)م کردو هاتمە سەر باسی (ئیبن سیرین) ، دەمویست ئەمجارە باسی ڕەچەڵەكو ژیانی (ئیبن سیرین) بکەم کە خۆم بۆچوون و رام هەیە، ئەگەر لێم قبووڵ بکرێ، بەڵام ئەو سەرچاوانە نەگەڕام کە لەبەردەستمدا بوو، هیچی تێدا نەبوو، دەی بۆ ئەمەیان (کنگرو ماست) بۆ وادەی خۆی، بۆ ئەمەیان دەڵێم (کنگرو ماستەکە) وادەیەتی. کتێبیترم لە بەرنامەدا بوو باسیان بکەم.

بەلاّم کتێبێك پێش ئەوەی سەیری بکەم ناوی خاوەنەکەی رایکێشام، لە دەرووندا گلەییم لەخۆم کرد کە تا ئێستا لەسەر خۆیو تراژیدیای مەرگی خۆیو هاوسەرەکەیم نەنووسیوە.

(فەرهەنگی میدیا) کە دانانی هاوڕێی نەمرم (پ.د. ئەورەحمانی حاجی مارف)ە تازە ئەکادیمیای کوردی چاپی کردوە. فەرهەنگە بەلاّم وەك چاوەڕێی دەکرێ گەورە نییە. ئەوەی چاپکراوە(٢٩٠) لاپەڕەی ناونجی یە.

بەلاّم وا دەردەکەوێ ئەمە هەر بەرگی یەکەمەو یەك تیپی تێدایە، ئەوەش دیار نییە کە بەرگیتری هەیە، یان ویستوویەتی دواتر تەواوی بکاو بەردەوام بێ لەسەری، پێشەکییەکی بەسۆزی ئەدیبانەی بۆ نووسیوەو چیرۆکی خۆیو چوونە سەر فەرهەنگ دانانو نیازی دانانی فەرهەنگێکی کوردی - رووسی دەردەخا، کە ئەنجامی ئەو نیازەو کۆششی بەدیهێنانی بووە بەم فەرهەنگە کوردی - کوردییەی ئەم بەشەی چاپکراوەو لە ناوی (میدیا)دا ناوی (میدیا)ی باپیری کوردو میدیای کچی خۆیی کۆکردۆتەوە. بەلاّم چ (پێشەکی)یەکە خۆیو چ ناوەرۆکی فەرهەنگەکە دەرسێکی زانستیی گەورەیە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ فەرهەنگ دانێن. چونکە ئەوەش زانستێکە رێوشوێنی خۆی هەیە لە کارکردنو بەجێهێناندا، کە رەنگە لە زۆر لە فەرهەنگە کوردییەکاندا رەچاو نەکرا بێ، چونکە زۆربەیان هەوڵی تاقەکەسینو ئەوانە وەك د. ئەورەحمان بە خوێندن، زانستی فەرهەنگ دانان نازانن، کە دیارە هەوڵیان بۆ کۆکردنەوەی وشە بەنرخو بەرزە.

من لێرەدا داوا لە هەموو خوێندەواران دەکەم ئەم فەرهەنگە بخوێننەوەو لەگەڵ مندا ئەو دەرسەی دکتۆر ئەورەحمان فێربنو هەر لەگەڵ مندا ئەگەر دوو فرمێسك نەرێژن، هەر هەناسەیەك بۆ شەهیدبوونی ئەو زانا گەورەیە هەڵکێشنو بزانن چ پیاوێکی بەنرخمان لەکیس چوو و چ بەرهەمێکی گەورەمان لەکیس چوو. تۆ بلێی کەس ئەم کارەی ئەو تەواو بکات؟

لەکتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی ئەسکەندەرییە

ئا. تابان حەسەن هادی



کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، کە لەمێژوودا بە مەزنترین کتێبخانەی سەردەمی خۆی ناوبراوە، بە فەرمانی (بەتلیمۆسی دووەم) لە ساڵی ٣٣٠ (پ٠ ز) بەر لە دوو هەزار ساڵ دروستکراوەو زۆرترین سەرچاوەی جیهانی کۆنی لە خۆگرتووە کە ژمارەیان گەیشتووەتە ٧٠٠ هەزار بەرگ، کە کارەکانی هۆمیرۆسو کتێبخانەکە ئەرستۆیان لەناودابووە.

لە کۆندا، هەر زانایەك کاری لە کتێبخانەکەدا کردبێتو سوودی لێ وەرگرتبێت، پێویست بووە دانەیەك لە دانراوەکانی پێشکەش بە کتێبخانەکە بکات.

چەند جارێك لە کۆندا ئەم کتێبخانەیە بەر شاڵاوەکانی پەلامارو سووتان بووەتەوە، کە دواجاریان لەسەردەمی ئیمپراتۆری رۆمانی (یۆلیۆس سیزەر) دا بووە ساڵی ٤٨(پ ز).

### بوژاندنەوەی کتێبخانەکە

لە پرۆژەیەکی نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی تەواودا، وڵاتی میسر بە بەشداریی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا، سەرلەنوێ بوژاندنەوەو دروستکردنەوەی ئەنجامدراوە، ئەوەبوو کتێبخانەیەکی نوێش لە جێگایەکی نزیك کتێبخانە کۆنەکەدا لەشاری ئەسکەندەرییە دروستکراو ئەو کتێبخانە نوێیە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ دا کرایەوە.

### سەرچاوەکانی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە

لەم کتێبخانەیەدا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەڵبژاردەی کتێبەکان بە زمانەکانی عەرەبیو ئینگلیزیو فەرەنسی هەن، هەروەها کۆمەڵێك هەڵبژاردە لە کتێب بە زمانە ئەوروپییەکانی وەکو ئەڵمانیو ئیسپانیو زمانەکانی تر. هەر چۆن لە هەموو شوێنێکی جیهانەوەو لە هەموو بابەتەکاندا کتێب دەگاتە کتێبخانەکە.

### سەرچاوە ئەرشیفییەکانی ئینتەرنێت

بەشی ئینتەرنێت، لەساڵی ١٩٩٦ بەدواوە سەرچاوەکانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکەدا دەپارێزێت.

ئێستا لەم بەشەدا ئەم سەرچاوانە چنگ دەکەون:

*** زیاد لە ١٠ بلیۆن لاپەڕەی تێکستەکان، کە ژمارەیان لە سەرچاوە پارێزراوەکانی کتێبخانەی کۆنگرێس زیاترە.**

*** ١٠٠٠ فیلمی ئەرشیف کراو.**

*** ٢٠٠٠ سەعات لە پەخشی تەلەفزیۆنی میسریو ئەمریکی.**

*** ١٠٠ تیرابایت لە زانیاریی داخڵکراو لەسەر ٢٠٠ ئامێری کۆمپیوتەر.**



### دووەمین کتێبخانەی فرانکفۆنی لە جیهاندا

فەڕەنسا، گەورەترین دیاریی لە مێژووی کتێبخانەکانی جیهاندا پێشکەش بەم کتێبخانەیە کردوە کە گەیشتووەتە نیوملیۆن کتێب بە زمانی فەڕەنسیو لە بابەتەکانی(زانستەکان، ئەدەبیات، مێژوو، جوگرافیا و ئەنترۆبۆلۆجیا)دا.

بەوەش کتێبخانەکە بووەتە دووەمین کتێبخانەی فرانکفۆنی لە جیهاندا دوای کتێبخانەی نیویۆرك، هەرچۆن بووەتە کتێبخانەی سەرەکیی بۆ کتێبی فەڕەنسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو کیشوەری ئەفریقیدا.

### کتێبخانە تایبەتمەندەکانی

وێڕای بەشی کتێبو سەرچاوەکان، ئەم بەشانە لەکتیبخانەکەدا هەن:

***کتێبخانەی سەرچاوە بیستراوو بینراوەکان**

***کتێبخانەی نابینایان (کتێبخانەی تەها حسێن)**

***کتێبخانەی منداڵان**

***کتێبخانەی تازە پێگەیشتووان**

***کتێبخانەی سەرچاوە مایکرۆفیلمییەکان**

***کتێبخانەی کتێبە دەگمەنەکانو کۆمەڵە تایبەتەکان**

### ٩ پێشانگای هەمیشەیی

لەم کتێبخانەیەدا نۆ پێشانگای هەمیشەیی هەن:

- ئەسکەندەرییە لە سەردەمە جیاوازەکاندا.
- جیهانی شادی عبدالسلام.
- شاکارەکانی خۆشنووسیی عەرەبیی.
- مێژووی چاپ.
- کتێبی هونەرمەندان.
- ئامێرە گەردوونییەکانو زانستییەکان لای عەرەب لە سەدەکانی ناوەندا.
- محی الدين حسين، ئەفراندن.
- کارەکانی عبدالسلام عيد.
- کۆمەڵەی عبدالغنی ابو العينين.

**سەرچاوە: ویکیپدیا**

لەبارەی کتێبەوە..

# رەفیق ساڵح: زۆر شتمان لەپێناوی کتێبدا بەخشیوە

ئا: کارزان محەمەد

لەمێژە وتراوە (کتێب) هاوڕێی نوسەران و رۆشنبیرانە، بەڵام کەمتر لەبارەی خودی کتێبەوە دواوین، هەربۆیەش لێرەدا بۆچوونی نوسەران و رووناکبیرە پڕبەرهەمەکانی کورد دەربارەی کتێب دەخەینەڕوو.

*** چۆن و کەی فێری خوێندنەوە بوویت؟**

– خۆشەویستی کتێب لای من بۆ دوو هۆکار دەگەڕایەوە، باوکی خوالێخۆشبووم کتێبخانەیەکی باشی هەبوو، زۆرجار دەمدی

**(لەمێژبوو خەمی کتێبخانەکەم بوو کە دوای خۆم چی لێ بەسەردێت، بەڵام لەدوای دامەزراندنی بنکەی ژینەوە، بڕیارم داوە سەرجەم کتێبەکانم بکەمە بەشێك لە کتێبخانەی بنکەی ژین)**

کاتەکانی ماڵەوەی بە کتێب خوێندنەوە بەسەردەبرد. هۆکاری دووەم بۆ ئەو پرسیارە دەگەڕایەوە کە لە قۆناغی منداڵیمدا مێشکمی دەخرۆشاند ئەویش کورد کێیە؟، بۆچی من کوردم بەڵام لە کتێبی مێژووی قۆناغی خوێندندا ناوی هەموو نەتەوەکانی تێدایە تەنها نەتەوەکەی من نەبێت؟. گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بەرەو دونیای خوێندنەوەی بردم، هەر لە قۆناغی منداڵییەوە دەستم پێکرد.

*** یەکەم کتێب چی بوو کە خوێندتەوە؟**

– زۆر منداڵ بوومو تازە چووبوومە قۆناغی دووی سەرەتایی، لەگەڵ دایکمدا سەردانی شاری هەولێرمان کرد، دایکم درهەمێکی دامیٚو منیش یەکسەر لێموەرگرت و بەغاردان خۆم بە چاپخانەکەی خوالێخۆشبوو (گیوی موکریانی)دا کرد کە شوێنەکەی لە نزیك قەڵا بوو. پارەکەم دایە مامە گیوی رەحمەتی، ئەویش نامیلکەی (فڕی..فڕی..قەل فڕی) دامیٚو زۆر چێژم لە خوێندنەوەی وەرگرت، ئەوە یەکەمین کتێبە کە خوێندبمەوە!.

***کام کتێب لە یادەوەریتدا ماوە؟ بۆچی؟**

– کتێبەکانی عەلی وەردی بەتایبەتی (لمحات اجتماعيه من تاريخ العراق) کە لە (٦) بەرگ پێکهاتووەو کتێبی (وعاظ السلاطين) زۆر لە یادەوەریمدا ماوەو کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەم هەبووە، تەنانەت رێگایەکی باش بوو تا زانستیانەتر لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵات بگەم. بەپێویستی دەزانم هەمو مرۆڤێك بەتایبەت لە هەرێمی کوردستانو عیراقدا بژی، ئەو دوو کتێبە بخوێننەوە تا لە پێکهاتەی کەسێتی مرۆڤ و شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتو تەنانەت خودی مامەڵەی سەرکردەکان لەگەڵ میللەتاندا تێبگەن.

*** کتێب چی پێبەخشیت؟ ئەی چی لێ سەندیتەوە؟**

– زۆر شتی پێبەخشیم، لە ژیانی مامۆستایەتیمدا زۆر سودم لەو زانیاریانە وەرگرت کە لە کتێبەوە فێری بووم. هەرچەندە ئەو زانیاریانەی لە کتێبی قۆناغەکانی خوێندندا هەیە کەمتر لە زاکیرەی مرۆڤدا دەمێننەوە، چونکە هەست دەکات بەسەریدا سەپێنراوە، بەڵام ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەکاندا هەن، خۆت دەستنیشانیان دەکەیو دەبنە هاوڕێت. کتێب ئەوەی لێ سەندمەوە کە بیر لە ژیانی ماددی خۆم بکەمەوە، چونکە لە قۆناغی گەنجێتیدا داهاتەکەمان لەبری خۆشگوزەرانی بۆ کڕینی کتێب تەرخان دەکرد، ئەمەش وایلێکرین کە بمانخاتە جیهانێکەوە بیر لە گەنجایەتیو سەفرەو سەیران نەکەینەوە، ژوانی زۆر شتمان لەپێناو ئامێزی کتێبدا بەخشیوە.

***خۆشترین یادەوەریت لەگەڵ کتێبدا چی بووە؟**

– خۆشترین کاتەکانی ژیانم لەناو کتێبخانەکەی خۆمدا بووە، ئەویش کاتێك کتێبێکی نوێ بڵاودەکرێتەوە کەپەیوەندی بە کوردەوە هەبێت، دەستخستنەکەی لە خۆشترین

**(کتێب ئەوەی لێ سەندمەوە کە بیر لە ژیانی ماددی خۆم بکەمەوە، چونکە لە قۆناغی گەنجێتیدا داهاتەکەمان لەبری خۆشگوزەرانی بۆ کڕینی کتێب تەرخان دەکرد)**

کاتەکانی ژیانمە.

*** حەز دەکەی دواجار کتێبخانەکەت چی لێ بێت؟**

– لەمێژبوو خەمی کتێبخانەکەم بوو کە دوای خۆم چی لێ بەسەردێت، بەڵام لەدوای دامەزراندنی بنکەی ژینەوە، بڕیارم داوە سەرجەم کتێبەکانم بکەمە بەشێك لە کتێبخانەی بنکەی ژین تا ببێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ رۆشنبیرانو لێکۆڵیاران، بەتایبەت لەڕووی دابینکردنی ئەو کتێب و بڵاوکراوە دەگمەنانەی کە لە سەدەی رابردوودا بڵاوکراونەتەوەو دووچاری کێشەی لەناوچوونو فەوتان بوونەتەوە، بەڵام لە کتێبخانەکەمدا پارێزراونو بۆ لێکۆڵیاران بایەخی خۆیان هەیە.



**رەفیق ساڵح ئەحمەد:**

لە ساڵی (١٩٥٧) لەسلێمانی لەدایکبووە، کۆلێژی کارگێڕیی زانکۆی (موسڵ)ی تەواو کردووە.

دامەزرێنەری بەشی رۆژنامەنووسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانییە و ئێستا سەرۆکی بنکەی (ژین)ە، دەیان کتێبتی بەنرخیشی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مێژوو و کەلەپوری کوردیدا بڵاوکردۆتەوەو خزمەتی رۆژنامەنووسیی بەرچاویشی هەیە.